# ڕۆژ ژمێری مێژووی شەشت و پێنج ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**١٦ ی ئووتی ١٩٤٥ – ١٦ای ئووتی ٢٠١٠زایینی**

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١٦ای ئووتی ١٩٤٥ | ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد.لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ – ک) |
| ٢ | ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ | پێک هێنانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد.( قازی محەممەد پێشەوای حیزب). |
| ٣ | ٦ی دیسامبری ١٩٤٥ | دەرچوونی یەکەم گوڤاری ئەدەبی،سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان کە بیرو بووچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە لایەن چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ٤ | ١٢ دیسامبری ١٩٤٥ | بەشداری نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێ و ڕەسمی دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان لە شاری تەوریز. |
| ٥ | ١٧ای دیسامبری ١٩٤٥ | ڕۆژی چەک کردنی شارەوانی مەهاباد ئاخرین بنکەی حکومەتی ناوەندی و هەڵکردنی ئالای کوردستان و دامەزران هێزی سپای میللی کوردستان . |
| ٦ | ١٠ای ژانوییەی ١٩٤٦ | چاپ و بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی کوردستان کە هەتا ئێستا ٥٤٤ ژمارەی لێ دەرچووە. |
| ٧ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ | ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە خۆپێشاندانیک دا بە بەشداری زیاتر لە ٢٠هەزار کەس لە نۆینەرانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد،قازی محەممەد پێشەوای حیزب بەسەرۆک کۆمار هەڵبژیرا. |
| ٨ | ١١ای فێورییەی ١٩٤٦ | پێک هێنانی حکوومەتی کوردستان و هەیئەتی رەئیسەی میللی ( کابینەی سەرۆک وەزیران) ئەو هەیئەتە لە ١٤ وەزیر پێک هاتبوو. |
| ٩ | ١٥ای مارسی ١٩٤٦ | دامەزرانی یەکەم رێکخراوی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد - ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٠ | ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ | پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایە دوو هەئیەتی ڕەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەوریز ئیمزا کرا . |
| ١١ | ٣٠ی ئاوریلی ١٩٤٦ | بۆ یەکەم جار دەزگای رادیۆ کە پێیان دەگوت ئیستاسیۆنی رادیۆ لە ڕێ و ڕەسمی تایبەت دا بە وتاری پێشەوا قازی لە شاری مەهاباد کرایەوە. |
| ١٢ | ١٦ای ژووییەی ١٩٤٦ | شەهید بوونی محەممەد نانەوازادە یەکەمین فەرماندەرو جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان ناوچەی بانە. |
| ١٣ | ١٧ای دیسامبری ١٩٤٦ | گەرانەوەی ئەرتەشی شا بۆ مەهاباد و کۆتایی تەمەنی یازدە مانگەی یەکەم کۆماری کوردستان. |
| ١٤ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ | لەسیدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرا مەهاباد. |
| ١٥ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ | لە سێدارە دانی ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەورو بەر لە مەجلیسی شورای میللی ئێران لە سەردەمی کۆماری کوردستان و برا بچوکی پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد. |
| ١٦ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ | لە سێدارە دانی حەمە حوسین سیفی قازی وەزیری بەرگری کوماری کوردستان،جێگری سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد. |
| ١٧ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٤٧ | ئیعدامی چوار ئەفسەری سوپای میللی کۆماری کوردستان.(مستەفا خۆشناو،عەزەت عەبدوڵاعەزیز،خەیروڵاعەبدوڵکەریم،محەممەد مەحموود قودسی) |
| ١٨ | بەهاری ساڵی ١٩٤٧ | دەست پێکردنەوەی خەباتی دوو بارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەی تەشکیلاتی. |
| ١٩ | زستانی ساڵی ١٩٥٢ | سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیدای حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنی دەورەی حەفدەی مەجلیسی شورای ئێران. |
| ٢٠ | ڕەشەمەی ساڵی ١٩٥٢ | ڕاپەرینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بە دژی زوڵم و زۆری ئاغاو دەرەبەگەکان ئەو جووڵانەوەیە لە لایەن ڕیژیمی شا سەرکوت کرا. |
| ٢١ | بانەمەری ساڵی ١٩٥٣ | پێک هاتنی کۆمیتەی تازەی حیزب لە مەهاباد بە مەبەستی بوژانەوەو ساخ کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی. |
| ٢٢ | ٥ی ژووئەنی ١٩٥٣ | کۆبونەوەی لاوانی دێموکراتی کورد بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ فستیوالی جیهانی لاوان لە بۆخارست،لە باغی میکائیل لە شاری مەهاباد کەلە لایەن هیزی چەکداری رژیم پەلامار دران کە بوو بە هۆی شەهید بوونی لاویک و چەند لاویش دەستگیر کران. |
| ٢٣ | ٢٤ی ژووییەی ١٩٥٣ | بەرێوەچوونی متینگی گەورە لە شاری مەهاباد بەبۆنەی هەلاتنی شا بەرەو بەغدا ورۆم. |
| ٢٤ | ١٩ای ئووتی ١٩٥٣ | کودتای نیزامی دژی حکوومەتی میللی دوکتور موسەدیق. |
| ٢٥ | ساڵی ١٩٥٤ | کۆچی دوایی حاجی سەید بابە شێخی سیادەت رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میلیی(سەرۆک وەزیر)کۆماری کوردستان لە دیی تورجان. |
| ٢٦ | ژووئەنی ١٩٥٥ | کۆنفرانسی یەکەمی حیزب و هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری حیزب لە کێوی قەڵاتەرەش پشتی گوندی سەیدئاوای بابەگەورە لەناوچەی پیرانشار. |
| ٢٧ | نوامبری ١٩٥٩ | هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب کە نزیکەی ٢٥٠ کەس لە سەرانسەری کوردستان گیران و زۆریشیان پەرەوازەی باشووری کوردستان بوون. |
| ٢٨ | پاییزی ساڵی ١٩٦٣ | پێک هاتنی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زینوێ شێخی. |
| ٢٩ | ٢١ی مارسی ١٩٦٤ | هێرشیکی گەورەی دیکەی ساواک بۆ سەر ڕێکخراو و ئەندامانی حیزب و بەشێکی بەرچاو گیران و ڕەوانەی چاڵە رەشەکانی ڕێژیمی شا کران. |
| ٣٠ | ١٩ای نوامبری ١٩٦٤ | پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە گوندی سونی باشووری کوردستان(سکرتێری گشتیی ئەحمەد توفیق) |
| ٣١ | ساڵی ١٩٦٦ | شەهید بوونی سادق ئەنجیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات لەباشووری کوردستان. |
| ٣٢ | ساڵی ١٩٦٧ | شەهید بوونی مەلارەحیم وردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە باشووری کوردستان. |
| ٣٣ | ساڵەکانی ٦٧- ١٩٦٨ | تێکۆشانی چەکداری سیاسی لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب،ئەو جووڵانەوەی ١٨ مانگی خایاند بەداخەوە زۆربەی بەرێوەبەرانی شەهید کران. |
| ٣٤ | ساڵی ١٩٦٧ | شەهیدبوونی باپیرشکاک(نحۆ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکرات بەدەست هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەلماس. |
| ٣٥ | سپتامبری ساڵی ١٩٦٨ | گیرانی سەدان کەس لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، کە بەدوای ئەشکەنجەی زۆر لە پادگانی جەلدیان چەندین کەسیان لێ ئیعدام کران. |
| ٣٦ | ساڵی ١٩٦٨ | شەهید کردنی دلشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان. لە باشووری کوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | ٢ی مای ١٩٦٨ | شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب سمائل شەریف زادە و هەڤالانی بەدەست ڕێژیم پەهلەوی. |
| ٣٨ | ١٥ی مای ١٩٦٨ | شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزب سولەیمان موعینی بە دەست سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە دیلمان. |
| ٣٩ | ٢ی سپتامبری ١٩٦٨ | لەسێدارە دانی شاعیرو تێکۆشەری سیاسی وئەندامی ڕێبەری حیزب مەلا ئاوارە(ئەحمەد شەڵماشی)لە شاری سەردەشت لەلایەن حکومەتی پاشایەتی ئێران. |
| ٤٠ | ١ی مای ١٩٧١ | ئامادە کردنی گەڵاڵەی کۆمیسیونی پەیرەو و پرۆگرام بە بریاری ڕێبەرایەتی حیزب بۆ باس و ڕاوێژ بدرێ بە ئەندامانی حیزب کە هەم بیرو بۆچوونی خۆیان بدەنە دەستەی ڕێبەرایەتی و هەم لە کۆنفراسی سێهەم دا بە ئامادەی زیاتروە باسی لە سەر بکەن. |
| ٤١ | ١٣ی مای ١٩٧١ | کۆبونەوەی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزب بۆ چارە سەری ئەو ناکۆکی و ئالۆزییە فکرییەی کە بۆ ئەندامانی حیزب هاتبوو پێش،لە کۆبوونەویەک دا دوای راوێژو لێکدانەویەکی زۆر چەند بریاری گرینگ دران. |
| ٤٢ | ژووئەنی ساڵی ١٩٧١ | پێک هاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب،لە شاری کویی لە باشووری کوردستان ئەو کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی بەکەلک بوو و حیزبی هێناوەتەوە سەررەوتی ئاسایی خۆی. |
| ٤٣ | ژووئەنی ساڵی ١٩٧١ | لە کۆنفرانسی سێهەم دا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆردرا و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی(ئێران) لە کویە باشووری کوردستان. |
| ٤٤ | ١٥ی ژووییەی ١٩٧١ | بریاری دەفتەری سیاسی حیزب لە سەر بەشداری و بەرێوەبردنی رادیۆ شۆڕشگیرانی ئێران بەو شەرتەی ڕێگا بدرێ سیاسەتی حیزب بڵاو بکاتەوە. |
| ٤٥ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٧١ | کۆمیتەی ناوەندی حیزب بریاری دا کە پێوەندی بە ئەحمەد توفیق بگیرێ و داوای هاتنەوە و ژێردیسپلێنی حیزبی لێ بکرێ، ناوبراو لە وەڵامدا گوتبووی کە نە ئەو کۆنفرانسە و ئەو ڕێبەرایەتیم بە ڕێبەری حیزب قەبووڵە. |
| ٤٦ | ٥ی ئووتی ١٩٧١ | دەفتەری سیاسی حیزب مەئمووریەتی داوە بە مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە کە بۆ جاری دووهەم پێوەندی بە ئەحمەد توفیق بگرێ کە واز لە موخالەفەتی حیزب و ڕێبەرایەتی حیزب بهێنی.بەلام ئەجارەش هیچ ئاکامێکی نابێت. |
| ٤٧ | ١٤ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | بۆ سێهەم جارپێوەندی بە ئەحمەد توفیق دەگیرێ و داوای لێ دەکرێ بگەرێتەوە نێو حیزب بەڵام ئەوجارەش هیچ سوودێکی نەبوو. |
| ٤٨ | سپتامبری ١٩٧١ | دیدار و چاوپێکەوتنی نوێنەری دەفتەری سیاسی حیزب دەگەڵ حیزبی کۆمونیستی لوبنان و حیزبی سوسیالیستی پێشکەوتنخوازی لوبنان. |
| ٤٩ | مانگی ژانوییەی ١٩٧٢ | لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بریار درا ئەحمەد توفیق سکرتێری گشتی کۆنگرەی دووهەم لە حیزب وەلا بنرێ. |
| ٥٠ | ٢٢ی مارسی ١٩٧٣ | شەهید بوونی قادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات لە نیو شاری بانە لە گەڵ هێزی نیزامی ڕێژیمی شا. |
| ٥١ | ٢ی ئاوریلی ١٩٧٣ | کۆچی دوایی حوسێنی زێڕینگەران [ حوسێنی فڕووهەر]، ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەفسەر و چالاکێکی هێزی دێمۆکرات بووە لە تاران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا نێژراوە. |
| ٥٢ | سپتامبری ساڵی ١٩٧٣ | پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب بە بەشداری ٤٩ کەس و پەسند کردنی بەرنامەو پیرەوی نیوخۆی تازە و هەڵبژادنی کۆمیتەی ناوەندی لەشاری بەغدا.(سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |
| ٥٣ | سپتامبری ساڵی ١٩٧٣ | پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب (کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستی یە) لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لەشاری بەغدا. |
| ٥٤ | ساڵی ١٩٧٣ | شەهید کردنی ئەحمەد توفیق(عەبدوڵلا ئیسحاقی)سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان(کۆنگرەی دووهەم)بە دەست ڕێژیمی بەعسی عێراق. |
| ٥٥ | ٢ی فیۆرییەی ١٩٧٤ | دەست پێکردنی کلاسیی سیاسیی بۆ ئەندامانی ڕێبەری حیزب بە مەبەستی باشتر شارەزا کردن لە کارو تیکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی. |
| ٥٦ | مارسی ١٩٧٤ | لەسەر داوەتنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ٨ ی ئەو پارتە کۆری نوێنەرایەتی بە ئامادە کردنی وتارێکی پڕنێوەرۆک کە بەداخەوە لە لایەن سەرۆکایەتی کۆنگرە ڕێگای بە نوێنەرانی حیزب نەدرا وتاری خۆیان بخوێننەوە. |
| ٥٧ | مانگی ئووتی ١٩٧٤ | کۆبوونەوەی کۆری ڕێبەرایەتی حیزب(دوکتور قاسملوو،کەریم حیسامی و حەمەدەمین سیراجی)دەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران(ئیرەج ئەسکەندەری، کیانووری و عەلی گەلاوێژ) لە بیرلین ئاڵمان. |
| ٥٨ | ١٥ی ژانوییەی ١٩٧٥ | حکوومەتی عێراق بە حیزبی ڕاگەیاند کە یان دەبێ لەسەر بارزانی بنووسن وبە پیاوی ئەمریکا بناسینن یان رۆژنامەکەتان داخەن.حیزب بریاری دا رۆژنامەکە چاپ نەکا و هیچ دژی بارزانی و بزووتنەوەی کورد نەنووسن. |
| ٥٩ | ٨ی ژووئەنی ١٩٧٦ | نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستان،لەو نامەیە دا وێرای رەخنە گرتن لە سەر هەڵویستەکانی پارتی دەرحەق بە حیزبی ئێمە. هێندێک پێشنیاری بەکەڵکێشی بۆ ڕێک و پێک کردنی پێوەندی دوو لایەنە هێنابووە گۆڕێ، |
| ٦٠ | ٢٧ی ژوئیەی ١٩٧٧ | زەختی حکوومەتی عێراق،هەڵ و مەرجی دژوار و هەستیار کۆمیتەی ناوەندی ناچار دەکا کۆمیتەی ناوەندی بچێتە فەرانسە وکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە شاری شانیومون لیڤو لە ماڵی کریس کوچرا بگری. |
| ٦١ | ٤ی ژووئەنی ١٩٧٨ | کۆچی دوایی عەزیزی یوسفی ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی، بەندکراوی سیاسی دوای تێپەر کردنی ١٩ساڵ بەند بە نەخۆشی دڵ لە تاران. |
| ٦٢ | ٧ی ژووئەنی ١٩٧٨ | خۆپێشانانی گەورە لە مەهاباد بە بۆنەی سێ رۆژانەی ناشتنی تەرمی عەزیزی یوسفی، ئەم خۆپێشاندانە سەرەتای دەست پێکردنی زنجیرە خۆپێشاندانەکانی دوایی خەڵکی کوردستان بەدژی ڕێژیمی شابوو. |
| ٦٣ | پاییزی ساڵی ١٩٧٩ | گەرانەوەی بەشێک لە ڕێبەرایەتی و کادرەکانی حیزب بۆ نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان.. |
| ٦٤ | ١١ی فیۆرییەی ١٩٧٩ | سەرکەوتنی راپەرینی گەلانی ئێران و رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران. |
| ٦٥ | ١٩ی فیۆرییەی ١٩٧٩ | دەست بە سەرداگرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکرات بە یارمەتی ئەرتەشی یە شۆڕشگێرەکان. |
| ٦٦ | ٢ی مارسی ١٩٧٩ | خۆپێشاندانی گشتی سەدهەزار کەسی لە ستادیومی وەرزشی مەهاباد، لەم خۆپێشاندانە دا حیزب تێکۆشانی ئاشکرای نۆی بە رەسمی راگەیاند. |
| ٦٧ | ٢١ی مارسی ١٩٧٩ | سازکردنی شەر لە سنە لە لایەن پیلانگیرانی کونە پەرستی کۆماری ئیسلامی کە چەند رۆژی خایاند و بە نەورۆزی خوێناوی سنە ناوەدەر کراوە. |
| ٦٨ | ٢٨ی مارسی ١٩٧٩ | چوونی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرۆکایەتی دوکتور قاسملوو بۆ لای ئایەتوڵلا خومەینی بۆ چارەسەر مەسەلەی کورد لەشاری قوم. |
| ٦٩ | ٣٠ی مارسی ١٩٧٩ | تەحریم و بایکوت کردنی ریفراندوم و دیاری کردنی سیستمی حکوومەتی ئێران لە لایەن حیزب و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان. |
| ٧٠ | ٣١ی مارسی ١٩٧٩ | دیدار و چاوپێکەوتنی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ میهدی بازرگان سەرۆک وەزیرانی ئێران لە تاران. |
| ٧١ | ٢٠ی ئاوریلی ١٩٧٩ | ساز کردنی شەر لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە لە نەغەدە لە متینگی حیزب دێموکرات دا. |
| ٧٢ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٧٩ | بەشداری نوێنەری حیزب لەکۆنفرانسی"ویستی خەڵکی ئێران لەقانوونی بنەرەتی "بە بەشداری ٤٨ دەستە وحیزب و ڕێکخراوی سیاسی لەزانستگەی تاران. |
| ٧٣ | ١٦ی ئووتی ١٩٧٩ | رێ و رەسمێکی ئاشکرا ٢٥ی گەلاوێژ ٣٤ مین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆشکی لاوان لە شاری مەهاباد . |
| ٧٤ | ١٩ی ئووتی ١٩٧٩ | راگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی گەڵی کورد بە،هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی حیزب لە لایەن خومەینی و سەپاندنی شەریکی سەرانسەری( شەری سێ مانگە) |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٥ | ١٩ی ئووتی ١٩٧٩ | نامەی سەرئاواڵەی کۆمیتەی ناوندی حیزب بۆ کۆڕو کۆمەڵانی بەشەر دۆست و ئازادیخوازی جیهان سەبارەت زۆڵم و زۆری حکوومەتی ناوەندی دژی خەڵکی کوردستان. |
| ٧٦ | ٢ی سپتامبری ١٩٧٩ | جینایەتی سامناک و درەندانەی چەکدارانی ڕێژیم و قەلاچۆ کردنی ٦٧ کەس لە دانیشتوانی گوندی قارنی. |
| ٧٧ | ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | نامەی سەرئاوەڵای حیزبی دێموکرات بۆ گەلانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانی و پێشکەوتووکان و شەخسییەتە نیشتمانی و مەزهەبی یەکان لە سەر هەل ومەرجی کوردستان. |
| ٧٨ | ٤ی نوامبری ١٩٧٩ | بەیاننامەی مەحکوم کردنی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە پەلاماری خوێندکارانی پێرەوی خەتی ئیمام بۆ سەر بالوێخانەی ئامریکا لە تاران. |
| ٧٩ | ١٧ی نوامبری ١٩٧٩ | پەیامی خومەینی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کوردستان. ئەو پەیامە بە مانای تێک شکانی هێزە سەرکوت کەرەکانی خۆی لە کوردستان و کۆتای شەری سێ مانگە کە بوو بە هۆی وتووێژێکی درێژخایانی بێ ئاکام. |
| ٨٠ | ٢٠ی نوامبری ١٩٧٩ | لەبەیکی سکرتێری گشتی حیزب دوکتور قاسملوو بە پەیامی ئایەتولا خومەینی سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کوردستان لە گۆرەپانی[قازی محەممەد]ی شاری مەهاباد. |
| ٨١ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٧٩ | بڵاو کردنەوەی گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد سەبارەت بە خودموختاری رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٨٢ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٨٠ | پشتیوانی حیزبی دێموکرات لە بەرنامەکانی کاندیداتوری مەسعوود رەجەوی بۆ یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئیران ،کە بۆ بەهۆی رەد کردنەوەی بەربژارییەکە لە لایەن خومەینی وە. |
| ٨٣ | ١٧ی فێورییەی ١٩٨٠ | پێک هاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەبەشداری ٣١٠ کەس نوێنەر لە شاری مەهاباد،ئەم کۆنگرەیە پاش ٣٤سال یەکەم کۆنگرەی ئاشکرای حیزب بوو. (سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |
| ٨٤ | فێورییەی ١٩٨٠ | پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب (پێک هێنانی کۆمەڵێکی سوسیالیستی کە بناخەکەی لەسەربنچینەی زانستی یەکانی دروست کردنی سوسیالیزم دامەزرابێ) لە کۆنگرە چوارەمی حیزب لە شاری مەهاباد |
| ٨٥ | ٢٨ی فێورییەی ١٩٨٠ | چاوپێکەوتنی هەیئەتی ٦ کەسی لە ئەندامانی رێبەری حیزب لە گەڵ سەرکۆماری ئێران ئەبولحەسەن بنی سەدر لە تاران. |
| ٨٦ | ١ی مارسی ١٩٨٠ | پێشنیاری گەڵاڵەی ٦ ماددەیی حیزبی دیموکرات بۆ چارە سەری ئاشتیانە داوخوازەکانی خەلکی کوردستان دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی. |
| ٨٧ | ١٤ی مارسی ١٩٨٠ | بەشداری لەهەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شورا کە کاندیدەکانی حیزب لە زۆربەی شوێنەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا،بەڵام خومەینی هەڵێوەشاندەوە. |
| ٨٨ | ١٨ی مارسی ١٩٨٠ | دەست پێکردنەوەی شەرلەلایەن رژێم لەناوچەی کامیاران و شیمالی کوردستان کە بوو بەهوی شەریکی سەرانسەری وهەتا ئێستاش درێژەی هەیە. |
| ٨٩ | ١٦ی ئاوریلی ١٩٨٠ | گەڵاڵەی حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی بەرە یەکگرتووی نیشتمانی لە گەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسیی یەکانی ئێران. |
| ٩٠ | ٧ی مای ١٩٨٠ | بۆمباران کردنی بەندیخانەی حیزب لە گوندی دۆڵەتووی ناوچەی سەردەشت لە لایەن رێژیمی بەعسی سەدام حوسێن. |
| ٩١ | ٧ی مای ١٩٨٠ | کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندراویک بە توندی بۆمبارانی بەندیخانەی دۆڵەتووی مەحکووم و ئەوەی وەک جینایەتەتێکی ئاشکرای دژی مرۆڤایەتیی ناساند و لە قاوی دا. |
| ٩٢ | ١٥ی ژووئەنی ١٩٨٠ | جودا بوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە حیزب بە هاندانی حیزبی توودەی ئێران کە ٦ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. |
| ٩٣ | ١٧ی ژووئەنی ١٩٨٠ | دەست پێکردنی یەکەمین بەرنامەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگورانی مەهاباد. |
| ٩٤ | ١٦ی ژووییەی ١٩٨٠ | نامەی سکرتیری گشتیی حیزب بۆرێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی جیهان و شەخسییەتەسیاسی و بەشەر دۆستەکان و ئەنجوومەنە ئینسان دۆستەکان و رێکخراوەکانی دیفاع لەمافی مرۆڤ لە بەرامبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان. |
| ٩٥ | ٢١ی سپتامبری ١٩٨٠ | تیرۆری سەرگورد عەبباسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات،بەرپرسی شوورای نیزامی حیزب لە شاری مەهاباد، بە دەست بەکریگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە مەهاباد. |
| ٩٦ | مانگی سپتامبری ١٩٨٠ | کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەستدرێژی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەر ئێران مەحکووم کرد و رای گەیاند ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی داخوازە بنەرەتی یەکانی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسی.حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. |
| ٩٧ | ٤ی نوامبری ١٩٨٠ | هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری درندانەی گوندەکانی ئیندرقاش و وسووکەدییان دا و ٥٢ کەسیان لەژن و منداڵ و پیرو لاو شەهید کرد. |
| ٩٨ | ١١ی مای ١٩٨١ | پەیامی پیرۆزبایی د.قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب بەبۆنەی هەڵبژاردنی فرانسوا میتران سیاسەتمەداری ناسراو ورێبەری حیزبی سوسیالیستی فەرانسە. |
| ٩٩ | ١٦ی ژووییەی ١٩٨١ | دەفتەری سیاسیی حیزب بە بڵاو کردنەوەی راگەیاندراویک بە زۆر هۆ هەڵبژاردنی رۆژی ٢ی گەلاوێژی سەرۆک کۆماریان تەریم و بایکوت کرد. |
| ١٠٠ | ١٧ی ژووییەی ١٩٨١ | پەیامی رادیۆیی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە سەر لێ ستاندنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری لە بەنی سەدر،سەرڕایی رەخنە لە هەڵویست و هەڵەکانی لە زەمانی سەرۆک کۆماری دا،ئەو کارەی مەلاکانی بە دژی یاسا و نادێموکراتێک و مەحکووم کرد وداوای لە بەنی سەدر کرد بێتە کوردستان. |
| ١٠١ | هاوینی ساڵی ١٩٨١ | شەری ناخوازراو لە نێوان حیزب دێموکرات و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق(قیادە موقت)روی داو چەندین مانگ درێژەی کێشا. |
| ١٠٢ | ٧ی دیسامبری ١٩٨١ | پێک هاتنی گۆنگرەی پێنجەمی حیزب.لەناوچەی رەبەتی سەردەشت لەم گۆنگرە یەدا دروشمی رووخاندنی ریژیمی خومەینی پەسند کرا. (سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |
| ١٠٣ | دیسامبری ١٩٨١ | پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب (پێک هێنانی کۆمەڵێکی سوسیالیستی کە وەڵامدەری هەڵ و مەرجی تایبەتی وڵاتەکەمان بێ) لەکۆنگرەی پێنجەمی حیزب |
| ١٠٤ | ١٣ی دیسامبری ١٩٨١ | شەهید بوونی سەروان ئەحمەد جاوید فەر(کاک هەژار) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکرات،فەرماندەری هێزی شەهید پێشەوا. بە کەوتە بەرپریشکی گۆلە تۆپی دوژمن لە ناوچەی بانە. |
| ١٠٥ | مانگی ژووییەی ١٩٨٢ | دانیشتنی دوو قۆڵیی رێبەرایەتیی حیزب لە گەڵ رێبەرایەتیی رێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و ئیمزا کردنی بریارنامەی هاوکاری دوو قۆڵیی. |
| ١٠٦ | ٢ی ژووییەی ١٩٨٢ | نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ یاسرعەرفات لەسەرچۆڵ کردنی فەلەستینیەکان لە لوبنان، لەو نامەیەدا لەرێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین گێردرایەوە کە ئەگەر لە سەر ٢٢ وڵاتی عەرەب هێجیان ئامادە نێنن جێگە وشوێن بدەن بە رێکخراوی ناوبراو دەتوانن بێنە کوردستان. |
| ١٠٧ | مانگی سپتامبری١٩٨٢ | دەفتەری سیاسی بریاری دا لە رۆژی ٢٠ی خەرمانان تا ٢٠ی رەزبەر وەک مانگی بەرگری لە ئازادی و هەرمانی گەلی کورد رابەگەیەنێ. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٨ | ٨ی مای ١٩٨٣ | دەفتەری سیاسی حیزب بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندراوێک سەرەرای ڕەخنە لەکردەوە نارەوەکانی سەرانی حیزبی توودە دەرحەق بەگەلی کورد هێرشی بەربڵاو کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ڕێبەران،وئەندامانی حیزبی توودە مەحکووم کرد.ودڵنیایی کردنەوە ئەگەر بێنە. کوردستان ئەمنییەتی ئەوان دەپارێزی. |
| ١٠٩ | بەهاری ساڵی ١٩٨٣ | شەری ڕێگای پیرانشار و سەردەشت ویارمەتی و هاتنی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزی پشتیوانی حیزب. |
| ١١٠ | ٢ی ژووئەنی ١٩٨٣ | ئیعدامی ٥٩ کەس لە لاوانی بی دیفاعی مەهاباد بەدەست ئینسان کۆژانی کۆماری ئیسلامیی. |
| ١١١ | ١١ی ژووئەنی ١٩٨٣ | دەفتەری سیاسی حیزب بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندراویک هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا(کەببوو بەمەجلیسی شوورای ئیسلامی)بایکوت وتەرحریم کرد. |
| ١١٢ | ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ | حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکی فەرمی دابۆ مەسعوود رەجەوی چوونی خۆی بۆ نێو شوورای نیشتمانی بەرگری پێ ڕاگەیاند. |
| ١١٣ | ٨ی نوامبری ١٩٨٣ | گەڵاڵەی پێشنیاری شوورای میللی بەرگری بۆ خودموختاری کوردستانی ئێران لە ١٢ ماددە کە لە لایەن شووراوە پەسند کرابوو. |
| ١١٤ | ٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤ | پێک هاتنی گۆنگرەی شەشەمی حیزب لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان. (سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |
| ١١٥ | مانگی ژانوییەی ١٩٨٤ | پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب (سوسیالیزمی دێموکراتیک) هەرچەند ناکۆکی یەکی توندی بیرو بۆچوونی لەسەر دەرکەوت. لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب. |
| ١١٦ | ١٢ی مای ١٩٨٤ | شەهید بوونی عەبدوڵلا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات،ئەندامی ناوەندی ئاژوان بۆ سەرپەرستیی کاروباری حیزب لە باشووری ڕوژهەڵاتی کوردستان. |
| ١١٧ | ٢٨ی مای ١٩٨٤ | لەسەر پێشنیاری حیزبی دێموکرات بە شوورای نیشتمانی بەرگری رۆژی ٢٨ی مای بەرۆژی ڕێزگرتن لە بەرگریی کوردستان دیاری کرا. |
| ١١٨ | ٥ی ژووئەنی ١٩٨٤ | فرۆکەکانی عێراق شاری بانەیان بۆمباران کرد،دەفتەری سیاسی بە دەرکردنی راگەیاندراوێک وێرای محکووم کردنی ئەو کارە دژی ئینسانییە سەرەخۆشی لە بنەماڵە شەهیدەکان کرد. |
| ١١٩ | ٨ی ژووییەی ١٩٨٤ | بەشداری دەستەی نوێنەرایەتی حیزب لە کۆنفرانسی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری زیان و زەرەری شەری ئێران و عێراق،لەسەرئاشتی و هێمنی جیهان لە شاری بەغدا. |
| ١٢٠ | ئووتی ساڵی ١٩٨٤ | چاوپێکەوتنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی و هەئیەتی دەفتەری سیاسی حیزب لە گوندی بێتووشی ناوچەی ئالانی سەردەشت. |
| ١٢١ | ٦ ی ئووتی ١٩٨٤ | لە پلینۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بریار درا ٢٦ی سەرماوەز بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ. |
| ١٢٢ | ٢١ی ئووتی ١٩٨٤ | بانگەوازی رەسمی دەفتەری سیاسی بۆ بیروورای گشتی کوردستان،ئێران و جیهان کەوا کۆماری ئیسلامیی خەریکە ٥٦٣ بنەماڵەی دانیشتووی ٦٦ ئاوایی کە سەرجەم ٩٥٥٢ نەفەرن لە سەرماو سۆڵی پاییز دا دەربەدەر بکا. |
| ١٢٣ | ١٦ی نوامبری ١٩٨٤ | شەری نەخوازراوی سەرانسەری نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە. |
| ١٢٤ | ١٦ی دیسامبری ١٩٨٤ | پەیامی دەفتەری سیاسی حیزب بۆ یەکەم جار بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پیشمەرگەی کوردستان. |
| ١٢٥ | ٢١ی مارسی ١٩٨٥ | شەهید بوونی سەدیق فەرۆخیان ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب،بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار.لە هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٢٦ | ٣٠ی مای ١٩٨٥ | راگەیاندراوی دەفتەری سیاسی حیزب کۆتایی بە ئەندامەتی لە شوورای نیشتمانی بەرگری دا هێنا. |
| ١٢٧ | ١ی ژووییەی ١٩٨٥ | شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلییار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات،وجێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات لە ناوچەی بانە، لە شەرێکی قارەمانانەی ناوچەی بانە. |
| ١٢٨ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥ | لەسێدارە دانی شەهید تەها حەق تەڵەب ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات،ڕووناکبیرێکی پێگەیشتوو و ئازا و خەباتگێر.لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران. |
| ١٢٩ | ٢٤ی نوامبری ١٩٨٥ | لەسێدارە دانی بەندکراو شەهید کەماڵ دەباغی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دێموکرات،بەرپرسی کۆمیتەی ئاژوان و بەرپرسی راستەوخۆی شارستانی کرماشان. |
| ١٣٠ | ١٧ی دیسامبری ١٩٨٥ | پێک هاتنی کۆنگرەی حەوتەمی حیزب(کۆنگرەی چل ساڵ خەبات)لە گوندی گەورەدیی شارباژێری باشووری کوردستان (سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |
| ١٣١ | ١٨ئاوریلی ١٩٨٦ | کۆچی دوایی مامۆستا هێمن ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات،تێکۆشەر و شاعیری ناوداری کورد لە شاری ورمێ |
| ١٣٢ | ١٥ی ژووییەی ١٩٨٦ | ماڵاوایی محەمەدی یاهوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم،نووسەر و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان،لەشاری تاران |
| ١٣٣ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٦ | شەهید بوونی عەبدولحەکیم رەزایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکرات،بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەرێکی قارەمانانە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز. |
| ١٣٤ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٨٧ | پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ پێنجەمین کۆنفرانسی سەرۆکانی وڵاتانی ئیسلامیی لە کویت. |
| ١٣٥ | ٢٧ی ژانوییەی ١٩٨٧ | پەیامی حیزب بۆ کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و ئەخلاقی بەشەردۆستانە بە بەشداری ٤٠٠ کەس لە پسپۆران و بەشەردۆستانی ناوداری جیهان،کە بە وتارێک لە لایەن فرانسوا میتران کرایەوە. |
| ١٣٦ | ٣ی ئاوریلی ١٩٨٧ | بەشداری هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب بە سەرپەرستی دوکتور قاسملوو لە کۆنگرە حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە شاری لیل. |
| ١٣٧ | ٢٢ی ئاوریلی ١٩٨٧ | بەشداری هەیئەتی حیزب بەسەرپەرستی عەبدوڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەکۆنگرەی حیزبی کۆمونیستی نێوخۆی یونان لە ئاتین. |
| ١٣٨ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٨٧ | بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت ،شەهید کردنی ١٢٠ کەس و بریندار بوونی هەزاران کەس لە لایەن رێژیمی دیکاتوری بەعسی سەددام حوسێن. |
| ١٣٩ | ٧ی دیسامبری ١٩٨٧ | ناردنی بۆمبێکی بە هێزی کتیبی بۆ تێکۆشەری دێرین و فەرماندەری لێهاتوو مەلاحەسەن شیوەسەلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیارەنگی سەردەشت،کە بەداخەوە بوو بەهوی لەدەست دانی هەر دوو دەست و چاوی. |
| ١٤٠ | ١٠ی ژانوییەی ١٩٨٨ | تیرۆری و شەهید کردنی سەید رەسووڵی بابی گەورە (سەید رەسووڵ دێهقان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەم، فەرماندەری لیوەشاوەی هیزی نیزامی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان،لەگەرەکی هەوارەبەرزەی بەدەست چەند چەکداری نەناسراو لە شاری سلیمانی. |
| ١٤١ | ١٨ی ژانوییەی ١٩٨٨ | پێک هاتنی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب.هاتنە ئارای لیستی فیکس ودەست پێکردنی ناکوکیەکانی نێوخۆیی، لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان. (سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |
| ١٤٢ | ١٣ی مارسی ١٩٨٨ | رزگاری بوونی زیاترلە ٨٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانی حیزب لە دەست بۆمبارانی شیمیایی رێژیمی بەعس و هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەی سەرسنووری هەڵەبجەو سەیدسادق وخورمال. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٣ | ٢١ی مارسی ١٩٨٨ | هەڵویست گرتنی بەشیک لە کادری ریبەری و ئەندامانی حیزب لە راگەیاندراویکی ١٠ ماددەی بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێر. |
| ١٤٤ | ١٩ی ئاوریلی ١٩٨٨ | ئاگربەسی یەک لایەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێر لە گەڵ کۆمەڵە بە مەبەستی کۆتایی شەری نێو خۆیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٤٥ | ٢٢ی ژووئەنی ١٩٨٨ | بوردمانی کردنی شیمیایی کۆندی زەردە لە ناوچەی دالاهۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست حکوومەتی دژی گەلی سەددام حوسێن. |
| ١٤٦ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٨٨ | شەهید بوونی سەدیق فیرۆزی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی مەڵبەندی ١ی وبەرپرسی کۆمیتەی کرماشان لە شەرێکی نابەرانبەر لە ناوچەی کامیاران. |
| ١٤٧ | ٢٩ی ژووئەنی ١٩٨٨ | پێک هاتنی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێر بە بەشداری ١١٢ نوێنەری هەڵبژێردراو لە ئۆرگانەکانی حیزب لە دوڵەرەقی باشووری کوردستان. (سکرتێری گشتیی جەلیل گادانی) |
| ١٤٨ | سالی ١٩٨٨ | کۆچی دوایی رەحیم بەغدادی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەم، و کادری پێوەندیەکان حیزبی دێموکرات. |
| ١٤٩ | هاوینی ساڵی ١٩٨٨ | کارەساتی سامناکی کوشتاری بەندییە سیاسیی و نیشتمانپەروەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە فرمانی خومەینی. |
| ١٥٠ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٩ | ترۆری شەهید دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو سکرتیری گشتی حیزبی دێموکرات لە دانیشتن لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی بۆ چارەسەری ئاشتیانە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لە وییەن پێتەختی ئۆتریش. |
| ١٥١ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٩ | تیرۆری شەهید عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرە حەوتەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتی حیزب. لە وییەن پێتەختی ئۆتریش. |
| ١٥٢ | ١٥ی ژووییەی ١٩٨٩ | ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی رێبەرایەتی شۆڕشگێر سەبارەت بە تیرۆری دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حدک،وێرای مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی، داوا لە دەوڵەتی ئۆتریش کرد کە لێپرساوان بۆ دۆزینەوە و سزادانی بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە سامناکە هەنگاوی جیدی و خیرا هەڵێنێتەوە. |
| ١٥٣ | ١٨ی ژانوییەی ١٩٩٠ | لەسێدارە دانی رەشاد حوسێنی ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی رێبەرایەتی شۆڕشگێر، بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی مەڵبەندی ١ ریبەرایەتی شۆڕشگێر لە شاری سنە. |
| ١٥٤ | ٧ی مای ١٩٩٠ | راگەیاندراوی تەقە وەستانی یەک لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ کۆمەڵە. |
| ١٥٥ | ١٢ی ئووتی ١٩٩٠ | پێک هاتنی کۆنگرە نوهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆەشگێر لە لە ناوچەی بالەکایەتی باشووری کوردستان. (سکرتێری گشتیی جەلیل گادانی) |
| ١٥٦ | ٩ی مای ١٩٩١ | کۆچی دوایی رەحیم سەیفی قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان. |
| ١٥٧ | ٢١ی دیسامبری ١٩٩١ | پێک هاتنی کۆنگرە نوهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(گۆنگرەی قاسملوو) لە گەلی بەدران لای زارگەڵی (ناوچیا)باشووری کوردستان (سکرتێری گشتیی دوکتورسادق شەرەفکندی). |
| ١٥٨ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٩١ | کۆچی دوایی محەممەد ئەمین مۆعینی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم، وزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان و باوکی شەهید مۆعینی یەکان. |
| ١٥٩ | ٢٢ی مارسی ١٩٩٢ | کۆچی دوایی مەلا قادری مودەرەسی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٦٠ | ٢١ی مای ١٩٩٢ | تیرۆری شەهید شاپوور فیرۆزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی رێبەرایەتی شۆرشگیر لە لایەن کۆماری ئیسلامیی لە شاری رانیە. |
| ١٦١ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە لایەن ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بێرلینی ئالمان. |
| ١٦٢ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری شەهید فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی حیزبی دێموکرات،بەرپرسی دەرەوەی وڵات لە بێرلین - ئاڵمان. |
| ١٦٣ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری شەهید همایوونی ئەردەلان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات،بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بێرلین - ئالمان، |
| ١٦٤ | ٢٠ی مارسی ١٩٩٣ | بۆمبارانی نەخوشخانەی ئازادی حیزب و دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. |
| ١٦٥ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٩٣ | تیرۆری شەهید غەفوور هەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرە نوهەمی حیزبی دێموکرات، و نوێنەری حیزب لە شاری بەغدا لە عێراق. |
| ١٦٦ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٩٣ | شەهید بوونی عەبدوڵلا شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی کۆمیتە شارەستانی مەهاباد لە ناوچەی گەورکی مەهاباد لە کەمینی هیزەکانی کۆماری ئیسلامیی. |
| ١٦٧ | ٨ی ژووییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی ئەمیر قادری ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نۆهەمی رێبەرایەتی شۆرشگیر،وئەندامی کۆمیسۆنی مالی حیزب.لە باشووری کوردستان. |
| ١٦٨ | ١٧ی مارسی ١٩٩٦ | پێش گرتن بەبڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەلایەن یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەهاندانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. |
| ١٦٩ | ١ی مای ١٩٩٥ | پێک هاتنی گونگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شورشگیرلە باشووری کوردستان.(سکرتێری گشتیی جەلیل گادانی) |
| ١٧٠ | ١ی مای ١٩٩٥ | گورێنی دروشمی ستراتیژی حیزب لە خودموختاری بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کوردستان لە کۆنگرەی دەهەمی رێبەرایەتی شۆرشگیر. |
| ١٧١ | ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٥ | کۆبوونەوی ئاشت بوونەوەی دوو بەشی حیزب بە بێ ناوبژی لایەنیک و کۆتایی هینان بە٧ساڵ شەری چەکداری و بایکوتی یەکتر. |
| ١٧٢ | ١٢ی ئاوریلی ١٩٩٥ | بەرەسمی ناسینی مافی کەمایەتیی ئەندامانی حیزب لە دەربرینی بیرو بۆچوونەکانی جیاواز، پێش کۆنگرە ئەندامی حیزب تەنیا لە ئۆرگانی خۆی دا حەقی هەبوو بیرو بۆچوونێکی جگە لە بیرو بۆچوونی زۆرایەتیی دەرببری. |
| ١٧٣ | ١٣ی مای ١٩٩٥ | پێک هاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کۆنگرەی پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزب)لە شاری هەولێری باشووری کوردستان. (سکرتێری گشتیی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە). |
| ١٧٤ | ٩ی ژووئەنی ١٩٩٥ | دیداری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران عەبدوڵلا حەسەن زادە و چەند ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لە گەڵ رێبەرایەتی شۆرشگیر لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە قەڵاسەیدە رانیەی باشووری کوردستان. |
| ١٧٥ | ١٥ی ئووتی ١٩٩٥ | تیرۆری عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی چوارەم رێبەرایەتی شۆرشگیر،لە قونیە-تورکیە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران. |
| ١٧٦ | ٦ ی ژووییەی ١٩٩٦ | تیرۆری ئەبووبەکر هیدایەت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەم، بەرپرسی کۆمیتەی سویدی حیزبی دێموکرات بە هۆی نامەی بۆمبی کە لە لایەن ترۆرسیتەکانی نیزامی ئاخوندی ئێرانەوە بۆی ناردرا بە توندی بریندار بوو و کۆچی دوایی کرد، |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧٧ | ٢٦ی ژوویيەی ١٩٩٦ | لەشكركێشی هێزەكانی كۆماری ئيسلاميی بۆ لە نێوبردنی تەواوەتيی رێبەرايەتيی حيزب بۆ سەرشوێنی بنكەی دەفتەری سياسيی لە قوولايی خاكی باشووری كوردستان. |
| ١٧٨ | ٩ی سپتامبری ١٩٩٦ | وەرگيرانی حيزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە ئەندامی ئەنترناسيونالی سوسياليست لە بيستەمين كۆنگرەی خۆی لە سالونی كوری گشتی رێكخراوی نەتەوە يەگرتووەكان لە نيويورک.بە بەشداری مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە سكرتێری گشتيی حيزب. |
| ١٧٩ | نوامبری ساڵی ١٩٩٦ | جيژنی كۆتايی هاتنی سەدەهەمين دەورەی سەرەتايی فيرگەی سياسی حيزبی دێموكرات، |
| ١٨٠ | ٢ی ديسامبری ١٩٩٦ | كۆچی دوايی نەبی قادری ئەندامی دەفتەری سياسی كۆنگرەی دەهەمی رێبەرايەتی شۆرشگير وبەرپرسی پێوەنديەكانی دەرەوە لە دانمارک. |
| ١٨١ | ٨ی ژانويەی ١٩٩٧ | پاش ٩ساڵ جيايی و لێک دابران لە ريزەكانی حيزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سەرئەنجام يەكيەتی و يەک پارچەيی خوی وەدەست هێنايەوە. |
| ١٨٢ | ١٠ی ئاوريلی ١٩٩٧ | بريای كۆتايی دادگای بەناوبانگی ميكونووس سەرانی پايەبەرزی كۆماری ئيسلاميی(خامنەيی و رەفسەنجانی)بەبەرپرسی ئەو جينايەتە ناسی . |
| ١٨٣ | ٢٠ی ئۆكتۆبری ١٩٩٧ | تەحويل دانەوەی ٧ تێكۆشەری حيزب لە لايەن بزوتنەوەی ئيسلاميی كوردستانی عێراق بە سەرانی دژی گەلی كۆماری ئيسلاميی ئێران. |
| ١٨٤ | ٨ی ديسامبری ١٩٩٧ | تيرۆری شەهيد مەنسور فەتاحی ئەندامی كۆميتەی ناوەندی كۆنگرەی نوهەمی حيزبی دێموكراتی ،بەرپرسی كۆميتەی شارستانی پاوە.بە هۆی كردەوەيەكی تيرۆريستی لە دوكان برينداز و لە نەخۆشخانە حيزب لە كۆيەی باشووری كوردستان. |
| ١٨٥ | ٢٢ی ديسامبری ١٩٩٧ | پێک هاتنی كۆنگرەی يازدەهەمی حيزب(كۆنگرەی خەباتگێرانی خۆراگر)لە باشووری كوردستان (سكرتێری گشتيی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە) |
| ١٨٦ | ٢٢ی ژانويەی ١٩٩٨ | پيشوازی دەفتەری سياسی حيزب لە دەست پێكردنی هەولی ئاشتيخوازانە بەمەبەستی كۆتايی هێنان بە شەری براكوژی لەنێوان پارتی و يەكيەتی. |
| ١٨٧ | مای ساڵی ١٩٩٨ | بڵاوكردنەوەی يەكەم ژمارەی گۆڤاری تيشک سەربە كوميسيۆنی فيركردن و لێكوڵينەوەی حيزب. |
| ١٨٨ | ٩ی ژوويەی ١٩٩٩ | راگەياندراوی دەفتەری سياسی حيزب لە سەر هێرشی هێزە دژی گەلی يەكانی كۆماری ئيسلاَمی بۆ سەركوت كردنی خۆپێشاندانی هيمنانە و ئاشتيخوازانەی خوێندكارانی زانستگەی تاران. |
| ١٨٩ | ١٥ی ژوويەی ١٩٩٩ | كۆچی دوايی سەيد سەلامی عەزيزی ئەندامی دەفتەری سياسی كۆنگرەی دەهەمی حيزبی بەرپرسی كۆميسيۆنی سياسی - نيزامی، لە باشووری كوردستان. |
| ١٩٠ | ساڵی ١٩٩٩ | شەهيد بوونی عوسمان فەتاحی ئەندامی راويژكاری كۆميتەی ناوەندی كۆنفرانسی چوارەمی حيزبی دێموكرات رێبەرايەتی شۆرشگير.. |
| ١٩١ | ١٠ی مای ٢٠٠٠ | يەكەم فيستيڤالی شانويی حيزبی دێموكراتی كوردستان لە يەكيک لە بنكەكانی سەربە دەفتەری سياسيی.لە ژێر دروشمی با پێكەوە بە پيشوازی يەكەمين فيستيڤالی شانويی حيزبەكەمان بچين. |
| ١٩٢ | ٢٤ی نوامبری ٢٠٠٠ | پێک هاتنی كۆنگرەی دوازدەهەمی حيزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران.لە باشووری كوردستان (سكرتێری گشتيی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە) |
| ١٩٣ | ٢٤ی ديسامبری ٢٠٠٠ | پێک هاتنی يەكەمين كۆنگرەی يەكيەتيی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران. |
| ١٩٤ | ٦ی ژانويەی ٢٠٠١ | كۆچی دوايی كەريم حيسامی ئەندامی دەفتەری سياسی كۆنگرەی سێهەمی حيزبی دێموكرات، نوسەر و وەرگێر..بە هوی نەخۆشی شێرپەنجەی ميشک لە ستۆكهۆلمی سوئيد. |
| ١٩٥ | ٩ی مای ٢٠٠٢ | سمينارى كۆميسيۆنی چاپەمەنی حيزب بە مەبەستی يەكدەست كردنی رێنووسی كوردی لە چاپەمەنی حيزبی دێموكرات دا. |
| ١٩٦ | ٢٨ی ژوويەی ٢٠٠٢ | بەياننامەی دەفتەری سياسی حيزب لەسەر هەڵوەشاوە راگەياندنی نەهزەتی ئازادی ئێران، سەپاندنی حوكمی نارەوا و ناعادلانە مەحكووم كرد. |
| ١٩٧ | ٣١ی مارسی ٢٠٠٣ | كۆچی دوايی مەناف كەريمی،ئەندامی كۆميتەی ناوەندی كۆنگرەی يەكەمی حيزبی دێمۆكرات ،دەستەی نوێنەرايەتی كورد بۆ سەفەری باكۆ، جيگری قازی محەمەد بۆ كاروباری كۆميتەكانی حيزبی، دواتر وەزيری فەرهەنگی كوردستان. |
| ١٩٨ | ١٢ی ئووتی ٢٠٠٣ | پێک هاتنی كۆنگرەی دووهەمی يەكيەتيی لاوانی دێموكراتی كوردستان ئێران. |
| ١٩٩ | ٧ی سپتامبری ٢٠٠٣ | بەرێوە چوونی يەكەمين فستيڤالی منداڵانی كوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری دنيای منداڵان. |
| ٢٠٠ | ١ی فێوريەی ٢٠٠٤ | هەڵويستی حيزب سەبارەت بەكردەوە تيرۆريستی كانی رۆژی جيژنی قوربان لە دوو بنكەی بارەگای لقی ٢ی پارتی و مەلبەندی ٣ی يەكيەتی لە شاری هەولێری باشووری كوردستان |
| ٢٠١ | ٢٠ی ئاوريلی ٢٠٠٤ | رێورەسمی پەردەلادان لە سەر هيمای بيرەوەريی قوربانييانی تيرۆريزمی كۆماری ئيسلاميی ئێران لە رستورانی ميكونووس ئاڵمان. سپتامبری(١٩٩٢) |
| ٢٠٢ | ٣ی ژوويەی ٢٠٠٤ | پێک هاتنی كۆنگرەی سيزدەهەمی حيزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران. لە باشووری كوردستان (سكرتێری گشتيی مستەفا هيجری) |
| ٢٠٣ | مانگی ژوويەی ٢٠٠٤ | گۆرێنی دروشمی ستراتيژی حيزب لە خودموختاری بۆ دابينكردنی مافە نەتەوايەتی يەكانی گەلی كورد،لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتيكی فێدراڵدا لە(كۆنگرەی سێزدەهەمی حيزب) |
| ٢٠٤ | ١٢ی سپتامبری ٢٠٠٤ | يەكەم كۆنگرەی يەكيەتيی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران. |
| ٢٠٥ | ١٣ی ئووتی ٢٠٠٥ | پێک هاتنی كۆنگرەی سێهەمی يەكيەتی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران. |
| ٢٠٦ | ٢٩ی ژوويەی ٢٠٠٦ | يادداشتی ٢٠ ماددەی ئۆپۆزيسيۆنی نێوخۆی حيزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە مەبەستی چارەسەركردنی قەيرانی نێو خۆی حيزب بۆ زۆرايەتی كۆميتەی ناوەندی كە سكرتێری حيزبيشيان لە گەڵدا بوو. |
| ٢٠٧ | ٢٤ مای ٢٠٠٦ | دەست بە كار كردنی كاناڵی ئاسمانی تيشک تی ڤی سەر بە حيزبی دێموكرات. |
| ٢٠٨ | ٥ی نوامبری ٢٠٠٦ | داخوازێكی دۆستانە لە لايەن ئۆپۆزيسيۆنی نێوخۆی حيزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەم هۆيەوە جارێكی ديكە بە توندی داوا لە هەموو ئەو كەسانە دەكەين كە خۆيان بە لايەنگری ئێمە دەزانن لە بڵاوكردنەوەی هەر بابەتێكی ناشيرين بە ناوی ئاشكرا يان نهێنی لە سەر سايتەكان و لە رۆژنامەكاندا خۆ ببوێرن و وەڵامی هێرشی ناشيرين بە نووسينی مەنتيقی و بێ حورمەت شكاندن بدەنەوە. |
| ٢٠٩ | ٦ی ديسامبری ٢٠٠٦ | دوو لەت بوونی حيزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران. بەياننامەی راگەياندنی حيزبی دێموكراتی كوردستان – ئێران. |
| ٢١٠ | ١٢ی ديسامبری ٢٠٠٦ | دەست بەكاركردنی كوردستان و كورد ماڵپەری رەسمی حيزبی دێموكراتی كوردستان – ئێران. |
| ٢١١ | ٩ی ديسامبری ٢٠٠٦ | هێڵە گشتیيەكانی رێبازی ئێمە - حيزبی ديموكراتی كوردستان ـ ئێران. |
| ٢١٢ | ٢٣ی ژوويەی ٢٠٠٧ | كردنەوەی پەخشی ئەزموونيی كورد كاناڵ رمان حالی حيزبی دێموكراتی كوردستان. |
| ٢١٣ | ٢٧ی ژوويەی ٢٠٠٧ | پێک هاتنی كۆنگرەی چوارەمی يەكيەتی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستان. |
| ٢١٤ | ١١ی سپتامبری ٢٠٠٧ | كۆچی دوايی عوسمان رەحيمی ئەندامی كۆميتەی ناوەندی كۆنگرەی دوازدەهەم،ئەندامی دەستەی راوێژكاری دەفتەری سياسی حيزبی دێموكرات بە هۆی سەكتەی مێشک لە شاری كويەی باشووری كوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١٥ | ٦ی مارسی ٢٠٠٨ | پێکهاتنی کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کویەی باشووری کوردستان. |
| ٢١٦ | مانگی مارسی ٢٠٠٨ | گەرانەوەی ناوی حیزب بۆ رۆژی دامەزرنی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤دا. |
| ٢١٧ | مانگی مارسی ٢٠٠٨ | پەسند کردنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵ دا.وەک دروشمی ستراتیژی حیزب لە کۆنگرە ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. |
| ٢١٨ | ٥ی ژوئەنی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی مەلاخدر دۆڵەگەرمی(خدرعومەرزادە)تێکۆشەری دیرین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی ١٠ی رێبەرایەتی شۆرشگێر،لەوڵاتی نۆرویژ. |
| ٢١٩ | ١ی ئاگوستی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی سمایل سەردەشتی ئەندامی حیزبی دێموکرات،هونەرمەندی میللی و ناسراوی کورد لە روداوێکی هاتووچوو لە باشووری کوردستان. |
| ٢٢٠ | ١٩ی نوامبری ٢٠٠٨ | پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان. |
| ٢٢١ | ٦ی فێوریيەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی عەبدولقادری دەباغی(مامەقالە) تێکۆشەری دیرینی حیزبی دێموکرات نووسەر،وەرگێرو نیشتمانپەروەر. لە شاری لەندەنی بریتانیا. |
| ٢٢٢ | ٧ی مای ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی جەعفەر زەمانی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی،بەرپرسی بەشی خەدەمات لە کۆمیسیۆنی مالی.لەشاری کویە باشووری کوردستان |
| ٢٢٣ | ١٧ی مای ٢٠٠٩ | دەست بەکارکردنی ماڵپەری حدک میدیا(KDP.Media ) نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان |
| ٢٢٤ | ٣٠ی مای ٢٠٠٩ | بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بوونە دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران (با هەڵبژاردنی سەرکۆماری بکەینە دەرفەتێک بۆ بەرەو پێشبردنی ویست و داخوازە نەتەوایەتی یەکان) |
| ٢٢٥ | ٢٦ی ژوویيەی ٢٠٠٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٢٢٦ | ١٥ی ئووتی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی سەنار مامەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە شاری ستۆکهۆڵمی سوئید. |
| ٢٢٧ | ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی تەها عەتیقی ئەندامی پێشووی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی ، وەرگێر و کارگێری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس. |
| ٢٢٨ | ١٣ی مای ٢٠١٠ | مانگرتنی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان وپشتیوانی هێزە سیاسیەکان بە بۆنەی لە سێدارە دانی ٥ تێکۆشەری سیاسی مەدەنی کورد بە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران. |
| ٢٢٩ | ١٧ی مای ٢٠١٠ | نامەی سەرئاوەڵای سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزەری ئەمنییەت و مافەکانی مرۆڤ رێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ حیزب و رێکخراوە دێموکڕات وئازادیخوازەکان کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و ئازادیخوازەکان سەبارەت بە لەسێدارە دانی رۆلەکانی گەلی کورد. |
| ٢٣٠ | ٢٩ی مای ٢٠١٠ | کۆچی دوایی حەمەدمین سیراجی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات،وتێکۆشەر و چالاکی سیاسی دیرینی رۆژهەلاتی کوردستان لە ستۆکهۆڵمی سوئید. |
| ٢٣١ | ١٧ی ژوویيەی ٢٠١٠ | رێورەسمی پەردەلادان لە سەر مۆنومێنتی شەهیدانی ڤییەن بە دەستی چەپەڵ وناجوانمێرانەی تروریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش. |
| ٢٣٢ | ١٦ی ئووتی ٢٠١٠ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شێست و پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبەوە. |
| ٢٣٣ | ---------------- | کۆچی دوایی عەزیز لەحیمی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب. |
| ٢٣٤ | ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | چاپ و بلاو بوونەوەی ژمارە ١٠٠ی دنیای مندالان. |


سەرچاوە :

رۆژنامەی کوردستان، نێوسەدە تێکۆشان نووسینی: رێزدار مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە،٥٠ ساڵ خەبات نووسینی: رێزدار جەلیل گادانی


